**ئەدەبی نامە**

## ئێوارەیەك سەرم بەترپە كانی دڵمەوە ئەنێم وتۆ دیار نابیت

بۆتۆ کەکاتت نەبو بۆعەشق

حسێن ئحمەد

دەمێکە هەوڵ ئەدەم لەبارەی خۆمەوە شتێکت پێبڵێم .
لەبارەی ئەو هەستەوە کەوەک شەپۆل گینگڵم پێ ئەداو
وەک تۆفان ئەم کشتیە ڕزیوەی دڵم دەکات بە هەزار پارچەوە .
دەمێکە خوازیاری کردنەوەی ئەو دەرگایەم
کە بەشێکی لە تۆدا ون بووەو
بەشەکەی تریشی بەلەپی دەستە کانمەوە وەستاوە .
ئەزانم ئاخیر جار ئەم نوسینەیش بەخێر لە سەرم ناگەڕێت
ڕێم نادات وەک ئاو بێوەی بموەک نەسیم لەخەونی باخێکداشنەم بێت
نوسین ئەو کاتە دێت کەتۆ لەگەڵ خۆتدا تەنهایت .
کە عاشقێک پەنجەرە کەت ناکا تەوە .
کەباخ سلاْوت لێناکات .
لەترپەی گۆرانییەکدا دڵت پڕنابێت لەئاواز
بەلاْم من کەدەستم لە خوێنی خۆمدا سوور بووە .
کە مردنم لە ئێوارەیەکی شوم دایە .
ئەبوا بنوسم بۆئەوەی خەستی ئەم ڕۆژە توشانە خۆمم لەیاد نەبا تەوە .
ئاخر هیچ شتێک لەوە گرانتر نییە هەست بکەی بەیانییەک دێت و تۆ چاوی خۆتت
یاد نییە ,,

ئێوارەیەک دێت و خۆت لە کۆلاّن جێ هێشتووە
شەو دا دێت و ڕەنگی خۆت لە گریانێکدا بیر ئەچت ..
بەلاّم ناچارم بەوتنی ئەم حیکایەتە تازانە.
ناچارم   لە بێتاقەتیم دا سەر بە بچوک ترین دێڕەوە بنێم و
تۆ دەرگا کەتم لێ داخەیت .
باوەڕکە لەمێژە لەداخستنەوەی دەرگا کانی عەشقە ترسم
لە مێژە نامەوێت ئەو چیرۆکانە بخوێنمەوە کەژیانم پێ قوفڵەیاو
بێڕەنگ تر لەباران ئەحتیاج ترلەبەفر
ئەم خاتە کۆمەڵەی هیچەوە
بەلاّم هەمیشە پێم وایە
قەدەری من ورد کردنەوەی تۆیە
تۆ کەلەناو تەمەساردە کانی بێ منیدا ونبویت
کەدەستت بە مەراقەوە دەلەرزێت
لەکاتێکدا من بەفریای ئەو باڵندانە ناکەوم
کەئاسمان بەریان لێدەگرێ و
ڕاوچی بەمشتێک تیرەوە هەڵفڕینیان تەڵقین دەکات
بەلاّم من
هەمیشە وەک سەرخۆشێکی گوناهبار
بەسەر بێتاقەتی خۆمدا لار ئەبمەوەو خەیاڵی تۆ ئەکەم
لار ئەبمەوەو چاوەڕێی هاتنتم
لارئەبمەوەو قسەیەک مانایەک بۆدووبارە کردنەوەی تۆ ئەدۆز مەوە
بەلاّم ئەبێت ئاخیر جار تێبگەیت عەشق شکۆفەی لەبەیانی دایە
کەلەدڵمانا ڕوناکە ئەبێت

تێبگەیت عاشق بوون کەوتن نییە بەسەر وێرانەی یەکتریدا
بەڵکو هەر جۆرە بەردەوامییەکە ژیان درێژ ئەکاتەوە .
ئەزانم گوڵە باخ خەسارەت بۆمن بەرپایەو
تۆڕوناکم ناکەی تەوە
ئاخیر جار نەت پەرژا گوێ لەترپە کانی دڵم بگری و
پێم بڵێی: تەماشا کابراکە لەئەویندا چەند وێرانیت
لەبێ منیدا چەند تەنیایت
نەت توانی نەفەسێک بێت و
بم پارێزیت لەئینفیعالی دەریاکان
ئاخر هەوڵی من دروست کردنەوەی تۆبو لەدیوی یەکەمی خودا دا
هەوڵی من بەستنی ئەو پەیمانە بو تۆ لە عەشق و لەماچ و لەنیگا و لەترپەی دڵدا لێک بەم و بکەیتە من.
خۆم لە خوداو لە باران و لە باخ و لە دەریادا لێک بەم و بکەمە تۆ
جەخار گوڵە باخ گیان جەخار نەت هێشت نەفەسم بت گاتێ
نەمهێشت بەدەم هێنا نەوەی مشتێک ماچەوە پێت بڵێم
فریشتە ڕەنگم دوا مانای فڕینە
وەرەو سەر بەغەریبیمەوە بنێ
سەر بەتنهایمەوە بنێ
سەر بە عاشقیمەوە بنێ
سەر بە وێران بونمەوە بنێ و
هەمیشە بەترپەی ئێوارەیەکی دا باریو بم بینە
بەنزای دڵمەوە بم بینە کەزۆر جار
لەبەر پەنجەرەکەمدا لەباخچەکان ئەڕوانم و خەیاڵی تۆ ئەکەم

لەکۆترەکان دەڕوانم و باوەشێک تەنهای لەخۆمدا ڕوت ئەکەمەوە
حەبیبە ببینە ئەوڕۆژەی مەستانە بەشوێن نیگایەکی پەنهانتا
شارەو شار باخ بە باخ کۆلآن بەکۆلآن ئەڕۆمو
وەک سەر خۆشێکی بریندار لەترێک ئەیەمو ئەکەوم
ئەکەومو تۆ نام بینیت
با ئەم بات و تۆ بێئاگا وەک هەر عاشقێکی تەریو یاری بەگوڵەکان دەکەیت و
لەبەر خۆتەوە شتێک ئەڵێی
کەمن بەم هەموو خوێنەوە هەرگیز لێیان تێناگەم و
تۆش بەم هەموو بارانەوە دیڕێکم بۆ شیناکەیتەوە,
زۆرجار پرسیار لەخۆم دەکەم ژیان ڕەنگە زۆر گەورە بێت
گەورەیی ژیان وا ئەکات هەمیشە یەکمان خۆش بوێت
هەمیشە لەناو بێدەنگی یەکتردا شتێک لەخۆمان نزیک بینەوەو
بپرسین عەشق گێڕانەوەی بەردەوامییە بۆمن
عەشق خۆش ویستنی ئەو نورەیە کەبەشێک لەمندا ڕوناک ئەکاتەوە کەتۆیت
عەشق شکۆفەی باخێکە کەمن بەخوێن ئاویەدەم و تۆ بەماچ میوەکانیە خۆیت
بەڵآم من هەمیشە دەستم لەباخ ترازاوە
دەستم لەخوا تراتزاوە  دەستم لە ئاو ترازاوە
دەستم لەتۆ ترازاوەو هەستەکەم گەلێجار بۆشتێک ئەگەڕێم
شتێک پڕبەدڵ بۆنی پێوە بکەم و تێبگەم تۆییت
تۆیت کەخوێنم لەباران جیادەکەیتەوەو ئەیبەخشیتە دەریاو چەمو ڕوبارەکان
تۆیت کەدڵم لەترپە جیادەکەیتەوەو ئەیبەخشیتە خوداو مانگ و سێبەرەکان
تۆیت عەنبەرخان لەودورەوە هەوڵی بەختیاریم ئەدەیت و
من بەنزیکیت موبتەلام

بەنزیکیت ئەبمە پیاڵەیەک ئومێدو شیعرێک بینم پێوە دەنێت
ئەبمبە خولی باران وئەڕژێمەلەنجەکاتەوە
بڕوانە چۆن بەجێماوم لەباکان لە باخچە کان لەخواکان
باوەڕکە بەختیاریم دەنگێکە لەپێکەنینی تۆدایە
گەرتۆنەبیت شتێک لەخۆمم وندەکات کەخۆم نیم
گەر تۆنەبیت شتێک لەباخم وندەکات کە خۆم نیم
گەرتۆ نەبیت شتێک لەشەرابم دەدزێت کە خۆم نیم
گەر تۆنەبیت شتێک لەڕۆژگارم ئەبات کەخۆم نیم